# 5 نموونەی عیراقی نوێ!

## سەلام عەبدوڵڵا

+نوێنەری حکومەتی عەولاوی: کێ دەڵێ ژنان پێویستییان بە ماف هەیە!10/11

+ کۆلن فاول: ئێمە پشتگیری ناکەین لە لەتکردنی عیراق بۆ ناوچەی جیاجیا. هەروا عیراقییەکانیش پێکهاتی وەلاتەکەیان دابەش بکرێ ، دەوڵەتێك لە باکور و دەوڵەتێك لە ناوەڕاست و دەوڵەتێك لە باشوور، چونکە هیچ یەك لەم دەوڵەتانە بنەمای پێویستیان نییە بۆ مانەوە وەك دەوڵەت )!- العالم الان لە10/12

+ غازی عەجول(سەرۆك کۆماری عیراق) : ئێمە شەڕی مان و نەمان دەکەین دژی جوداخوازەکان

+ ئاسایشی هەولێر، لە سەر داخوازی کۆمەڵەی یەکگرتووی ......، دوو ڕۆژنامەوان بەناوی خەلیل حەسەن و بلند موستەفا دەستگیر کردووە! 10/12

+ نەسرین برواری: (حکومەتی نوێ هانی کۆمەڵگە دەدا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەهلی ژنان بۆ بەشداریکردن لە درووستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و هەروا 25% لە پایەداری حکەمەت بە ژنان بدرێ)

دوێنێ(10/11)، کۆنگرەی نیشتیمانی ژنانی عیراق دەستی بەکارەکانی کرد، بەم بۆنەیە، وائل عەبدوللەتیف(پارێزەری پارێزگاکان)وەك نوێنەری ئەیاد عەلاوی، کۆنگرەکەی کردەوە!. لە مەیانەی قسەکانی گوتی: (کێ دەڵێ ژنان پێویستیان بە ماف هەیە؟ ئایا ژنان دادپەروەر، ئەندازیار، پزیشك، مامۆستای زانکۆ و وەزیر و پەرلەمانتاریست نییە؟)

هەروا گوتی: (جیاوازی لەنێوان پیاو وژن لە مافەکاندا نییە، بەڵکو لەبارەی ڕادەی بەفاداری هەر یەکێکیان بۆ نیشتیمان)

کاتێ مرۆڤ سەرەنجی بۆچوون و هەڵویستی ئەم وەزیرە"دیموکراتخوازە"دەدا، دەردەکەوێ کە ئەم کابرایە، یەکێکە لە پاشماوەکانی(ئەسحاب ئەلکەهف)، ئاگای لەوە نییە، زۆربەی ژنانی عیراق دیلی چەوساندنەوەی باوکسالارین؛ وەرپینەکانی غازی عجێل بە داخوازی ڕیفرەندومخوازان، نیشانەی ئەوەیە، لەداهاتوودا، ئەم کابرایەش لە ئەنفالکردنیش سڵناکاتەوە، بۆیە زۆر گرنگە لە ئێستاوە، چەکە مێژوویەکەی ئەبو تەحسین بە رووی هەڵبگرین؛ هەڵویستەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مانای ئەوەیە، پرەنسیبی ڕیفرەندوم چەند دیموکراسی و ڕەوا بێ، ڕێ بە ئەنجامدانی نادەن، بۆیە وەك سەحاف پەنا بۆ درۆکردن دەبا_ ئاخر بۆچی کوردستان بنەمای دەوڵەتی نییە؟؟-؛ ئەوجا قسەکەی خوشکە(نەسرین)یش لە کۆنگرەی ژنانی عیراقدا، نهێنی شووکردنی بە(عجل ئەلیاور)ی دەرخست: وەك ژنێك بەشداری لە بڕیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بکا و ژنان بۆ ئەوە بانگدەکا، لە گەڵ بەرپرسەکاندا بنن بە:

((دوو سەر لە سەر سەرینێ،

ناسکۆڵە و نازەنینێ))

"خوا وەکیل"، کە هەواڵی ئەم زەواجە(مەیمونە)م بیست، دەستبەجێ ئەم گۆانییەم گوت:

هەر بژی، هەر بژی کورد و عەرەب،

ڕەمز ئەل خەبات- تاتستاتۆرەکەم پیتی ناوەڕاستی ووشە عەرەبییەکەی خەبات، نانووسێ!)

دەمێکە گوێم لە دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ڕۆژنامەوان نابێ، ئەوە سەرلەنوێ بە فیتی ئیسلامی ئەنجام دەدرێ.

ئاخر، ئاسایشی پارتی، بۆچی ئەوەند(ئەنارشیستن!!)، هیچ نەبێ لەبەر خاتری 3 لاوە سەربڕاوەکە، چاوپۆشییەکتان لەگەل ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە بکردبا و بە کۆمەڵەی گەوادەکانیش بگوتایە: سبەی ورن بۆ شکایەت، مودیر لێرە نییە، یان پێیانتان بگوتایە، فەرموون لە دەزگاکانی ڕاگەیانەکانتان، هەواڵ و بۆچوونی)دیدی نوێ، بە درۆ بخەنەوە!

ئەم چەند نموونەی سەرەوە، بە ڕوونی بانگەشەی عیراقی نوێمان بۆ دەردەخەن: هەمان دەسەلاتی باوکسالاریی و شۆڤێنیستیی و عەسکریتارییەکەی سەددام، بەلام بەناوێکی ترەوە، هەردووکیان لە هەمان سەرچاوەی عەشرەتگەرایی، ئاین و دواکەوتوویی ئاویان خواردووەتەوە. عیراقی دواڕۆژ، هەر عیراقی ئێستایە و لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەپارێزرێ، واتە: نە ڕێگا بە ریفرەندووم دەدرێ، نە ڕێ بە ژنان دەدرێ، بای"ئازادی" هەڵمژن!

سەڵاو لە عیراقی دواڕۆژ!